لەگەڵ پێغەمبەر بووم-صلى الله عليه وسلم- گەیشتە لای شوێنی فڕێدانی خەش وخاڵی قەومێک ؛ بە پێوە میزی کرد،

لە حوزەیفەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «لەگەڵ پێغەمبەر بووم-صلى الله عليه وسلم- گەیشتە لای شوێنی فڕێدانی خەش وخاڵی قەومێک ؛ بە پێوە میزی کرد، منیش هەندێ دوور کەوتمەوە، فەرمووی: «نزیك بەرەوە»، دەڵێت: منیش نزیك بوومەوە هەتاوەکو لەلای پاژنەی پێیەکانی وەستام، دەستنوێژی گرت ومەسحی کرد بە سەر خوفەکانی».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

حوزەیفەوە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە ئەو لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بووە، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ویستی میز بکات؛ چووە نێو زبالّەی فڕێدراوی خەڵکانێك، مەبەست لە (زبالّە) ئەو شوێنەیە کە پیسی وپاشماوەی شتەکان وخۆڵی فڕێدراوی ماڵەکانی تێدایە، ولەو شوێنەدا بە پێوە میزی کرد، وەزۆربەی جار بە دانیشتنەوە میزی دەرکرد. حوزەیفە لێی دوور کەوتەوە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: نزیك بەرەوە، ئەویش نزیك بوویەوە هەتاوەکو لە پشتیەوە وەستا وئاوڕی بۆ لایەکەی تر دایەوە بەشێوەیەك سەیری نەدەکرد؛ هەروەها بۆئەوەی وەکو پەردەیەك بێت بۆی وسەیر نەکرێت لەو حاڵەتەدا. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەستنوێژی گرت، لەکاتی شۆردنی پێیەکانی؛ تەنها خوفەکانی مەسحکرد -خوفەکان: لەپێ دەکرێن ولە پێست وشتی تر دروست دەکرێن، وقولەپێکان دادەپۆشن-، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- خوفەکانی دانەکەند.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3075